گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper11
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 01/10/2023
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 29/06/2025

# ڕۆڵی گەشتوگوزاری ژینگەیی بۆ پەرەپێدانی بەردەوام لە چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

**ڕێبین عبدالخالق عبداللە[1] - کامران طاهر سعید[2]**

rebeen.abdulkhaliq@epu.edu.iq - kameran.taher@koyauniversity.org

[1] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری، پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لە ئەنجامی کەڵەکەبونی کێشە ژینگەییەکان لەم سەردەمەدا بە چەندین هۆکاری سروشتی و مرۆیی ئەمە وای لە وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگا نێودەوڵەتیەکان کرد بکەونەخۆ بۆ پێشگیریکردن لە گەورەبونی زیاتری ئەم کێشانە. لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆگرامێکی چڕوپڕی دارشتوە بۆ سەدەی 21 بەناوی ( Agenda 21) کە تیایدا پەرەپێدانی بەردەوامی (Sustainable Development) وەک بنەمایەکی سەرەکی دیاریکردوە. ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەو پەیوەندیانەدا دەگەڕێ کە گەشتوگوزاری ژینگەیی هەیەتی لەگەڵ هەر (17) ئامانجەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆڵ و گرنگیان دەخاتەڕو. توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بە ئامانجی دۆزینەوەی بەهێزترین پەیوەندییەکان و کاریگەرییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە سەرکەوتنی ئامانجە گشتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کەوا گەشتوگوزاری ژینگەیی پەیوەندیەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ زیاتر لە (9) ئامانج لە ئامانجە گشتییەکانی پەرەپێدانی بەردەوام کە، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە هاوکاری تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە و بەتەنیا بە لایەنێک جێبەجێ ناکرێ و ناگاتە ئامانج.

**کلیلە وشەکان:** گەشتوگوزاری ژینگەیی، پەرەپێدانی بەردەوام، کێشە ژینگەییەکان، ئامانجەکان.

# The significance of ecotourism in the context of the United Nations' Sustainable Development Goals

Rebeen Abdulkhaliq Abdullah[1] - Kameran Tahir Saeed[2]

[1]Geography department, faculty of education, Koya University, Koya, Kurdistan region, Iraq.

[2]Tourism foundation administration Department, Koya technical institute, Erbil Polytechnic University, Koya, Kurdistan region, Iraq.

**Abstract**:

Due to contemporary accumulation of environmental issues for many natural and humanitarian motives, this has led countries around the world and international organizations to take action to prevent the further improvement of this issue, restricting excesses and determining solutions. In this context ،the United Nations has evolved an intensive program for our present day century, agenda 21, in which sustainable development is the principle basis for achieving the goals ،which includes 17 standard goals, at the same time as identifying methods to achieve those goals. For this purpose ،tourism in well-known and ecotourism specially plays a role within the achievement of those goals, much like many different economic, social and environmental sectors that we have proven on this study. As a result, we have got come to the conclusion that environmental tourism has a strong and direct relationship with more than 9 targets of the overall goals of Sustainable development, and that this process requires the overall cooperation of stakeholders and is not carried out by one aspect alone and does not reach the goal.

**Keywords:** Ecotourism, Sustainable Development, Environmental Concerns, Goals.

## ١-پێشەکی

لەبەرئەوەی لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی تاوەکو هەشتاکانی سەدەی ڕابردو وڵاتان بەگشتی و وڵاتانی پێشکەوتو بەتایبەتی دەستیان کرد بە کرداری پەرەپێدان لە بواری ئابوری و دواتر کۆمەڵایەتی بێ گوێدان بە کاریگەرە نەرێنیەکان لەسەر ژینگە، ژینگەی ئەم وڵاتانە و جیهان بەگشتی بەرەو دارمان چو و کۆمەڵێ کارەساتی ژینگەیی گەورە ڕوبەروی مرۆڤایەتی بۆوە لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتاو پیسبونی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاووهەوا و خاک، ئەمە لەلایەک و لەلایەکیتر بڵاوبونەوەی هەژاری و برسیەتی تەنگی بەزۆرێک وڵاتانی تازەپێگەیشتو هەڵچنیبو. ئەمانە وایکرد هۆشیاری کۆمەڵگاکان زیادبکات لەهەمبەر زیادبونی کێشەکان هەروەها وڵاتان بکەونەخۆ و کاربکەن بۆ ڕێگریگرتن لەم کارەساتانە و

هەر ئەمەش وایکرد بیربکەنەوە لە جۆرێکی نوێی پەرەپێدان کە هەم پەرە بە گەشەی ئابوری بدات و هەم ڕێگر بێ لەبەردەم ئەم کارەساتانە کە ئەمەش لەدوای زنجیرەیەک کۆڕ و کۆنگرە و کۆبونەوە هات تا دواجار لە ڕاپۆرتی لیژنەی جیهانی بۆ ژینگە و پەرەپێدان کە بە (Brundtland) ناسراوە لەساڵی 1987 چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام هاتە کایەوە (Wheeler,2013,P.24). لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بەتایبەت لایەنە ژینگەییەکان و ئابورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش گەشتوگوزاری ژینگەیی بەشێکە لە هاوکێشە ژینگەییەکان و ڕۆڵی دەنوێنێ لە ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

وەک دەزانین گەشتوگوزاری ژینگەیی شێوازێکە لە شێوازەکانی گەشتوگوزار لەسەر بنەمای مەبەست و پاڵنەرەکان. ئەوەی ئەم جۆرە جیادەکاتەوە لە جۆرەکانیتری گەشتوگوزار وابەستەبون و تێکەڵبونی گەشتیارە لەگەڵ ژینگەی سروشتی. گەشتوگوزاری ژینگەیی لەچوارچێوەی پیشەسازی گەشتوگوزاردا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی گەشتوگوزاری جێگرەوە (گەشتوگوزاری جێگرەوە شوێنگرەوەی گەشتوگوزاری گشتیە لەدوای زیادبونی کێشە ژینگەییەکان سەریهەڵدا) کە بنەماکانی بەردەوام بونی لەخۆگرتوە (Eligh., 1999. P. 30). هەروەها زیادبونی ژمارەی گەشتیارانی نێودەوڵەتی بەبەردەوامی هۆکارێکیترە بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار بەمەبەستی کەمکردنەوەی فشار لەسەر جۆر و لایەنەکانیتری گەشتوگوزار. هەر ئەمەش وایکردوە لەگەڵ ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ( Sustainable Development Goals) یەکبگرێتەوە گرنگی و بایەخی ئەم کەرتە ناکرێ فەرامۆش بکرێ کە وەک لایەنێکی چارەسەری سەیردەکرێ لەم هاوکێشەیەدا.

## ١,١. گرنگی توێژینەوە:

پەرەپێدانی بەردەوام بابەتێکی نوێیە و لەم ساڵانەی دوایدا هاتۆتە کایەوە بەڵام بە گوڕوتینێکی بەهێزەوە هاتۆتە پێش و وڵاتان پێشوازی لێدەکەن و بە ڕێگەچارەی کێشە ژینگەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی دادەنێن، ئەم توێژینەوەیەش تیشکی خستۆتە سەر ئەم بابەتە و دەیەوێ پیشانی بدات گەشتوگوزاری ژینگەیی لایەنێکی کاریگەر و کارتێکەرە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکیترەوە بەوپێیەی بابەتەکە هەنوکەیە کتێبخانەی کوردی هەژارە لەم بوارەدا و ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک پڕدەکاتەوە لەم بۆشاییە.

## ٢,١. ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکە مەبەستیەتی خاڵبەخاڵی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ببەستێتەوە بە گەشتوگوزاری ژینگەیی، واتا خستنەڕوی ڕۆڵی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە پلانی پەرەپێدانی بەردەوام. پیشاندانی ئامانج و گرنگی و ئاستەنگ و دەرفەتەکان بۆ هەریەک لە گەشتوگوزاری ژینگەیی و پەرەپێدانی بەردەوام.

## ٣,١. میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی پشتی بەستوە بە میتۆدی (استنباطی) واتا لە گشتیەوە بۆ تایبەت، هەروەها هەریەکە لە ڕێبازەکانی وەسفی و شیکاری بەکارهاتون، هاوکات لەگەڵ هەندێ تەکنیکی گەران بە دوای زانیاری لە نوسینی توێژینەوەکەدا.

## ٤,١. کێشەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بەدوای ئەم کێشانەدا دەگەڕێ کە پەرەپێدانی بەردەوام بە ئامانجی گرتون و لەگەڵ برەودان بە لایەنە ئەرێنییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەپێناو گەیشت بە ئامانجەکان. گرنگینەدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە گەشتوگوزاری ژینگەیی وەک ڕێگا چارەیەک بۆ کێشە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی توانا ئابورییەکان کێشەیەکیترە کە دەمانەوێ لەڕێی ئەم توێژینەوە ئەم گرنگیە بخەینەڕو.

## ٥،١. گریمانەی توێژینەوە

- لێرەدا ئەوە دەهێنینە پێش چاو کەوا گەشتوگوزاری ژینگەیی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە هاوکێشەی چارەسەری کێشە ژینگەییەکان.
- گەشتوگوزاری ژینگەیی لەگەڵ زۆرێک لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام یەکدەگرێتەوە.
- لایەنە ئەرێنیەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەسەر ژینگە زیاترن بەبەروارد بە لایەنە نەرێنیەکان.

## ٢. شیکاری و ئەنجامەکانی ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

لێرەدا مەبەستمانە هەر یەکە لە گەشتوگوزاری ژینگەیی و پەرەپێدانی بەردەوام بخەینەڕو لەڕوی ناساندن و گرنگی و ئامانج و بەربەست و دەرفەتەکانیانەوە.

## ١،٢. گەشتوگوزاری ژینگەیی (Eco-Tourism)

بەرلەوەی ڕاستەوخۆ بزانین گەشتوگوزاری ژینگەیی چییە، پێویستە بزانین ژینگە چییە و چی دەگرێتەوە. لێرەدا هاوشێوەی هەر چەمکێکی زانستی ئەم چەمکەش جۆرەها ناساندنی جیاواز هەڵگرتوە کە هەریەکە لە سوچێکی زانستێکەوە سەیری کردوە چونک ژینگە وەک چەترێکە بۆ زۆرینەی زانستەکانیتر. وەک ئاشکرایە بە مانا باوەکەی ژینگە واتا هەمو ئەو دەوروبەرەی کە مرۆڤ و گشت بونەوەران تیایدا دەژین و تەواوکەری یەکترین، بەڵام بەمانا زانستیەکەی وشەی (Ecology) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1858 لەلایەن (Henry Turu) بەکارهاتوە ئەگەرچی ئەوکاتە مەبەستە فراوانەکەی ئێستای نەبوە بەڵام هەمان ئەم وشەیە بو بە ناسنامەی چەمکی ژینگە بە گشتی. دواتر (Cooper) هاتوە ئیکۆلۆجی ناساندوە بە سێ ڕەگەزی کارلێک کە یەکەمیان ژینگە بریتییە لە سەرچاوەی سروشتی جوان و چێژوەرگرتن، دوەم ژینگە بریتییە لە سەرچاوەی دەرامەتە سروشتییەکان، سێیەم ژینگە بریتییە لە توانای لەخۆگرتنی دروستکراوەکان. لە کۆنگرەی ستۆکهۆڵم بۆ ژینگە لە 1972 ژینگە ناسێنراوە بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێ سیستەمی سروشتی و کۆمەڵایەتی کە تیایدا مرۆڤ و بونەوەرەکانیتر تیایدا دەژین و چالاکیەکانیان تیایدا ئەنجامدەدەن (كافي واخرون،2014، 15).

## ١،١،٢.چەمکی گەشتوگوزاری ژینگەیی:

سەبارەت بە چەمکی گەشتوگوزاری ژینگەیی مێژویەکی کۆنی نیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردو دوای سەرهەڵدانی گیروگرفتە ژینگەییەکان و دەستکردن بە بەستنی کۆنگرە و کۆنفراس بەستن لە پێناو چارەسەری ئەم کێشانە، گەشتوگوزاری ژینگەیی جۆرێکی نوێی گەشتوگوزارە کە بەگەشتوگوزاری هاوڕێی ژینگە ناسێنراوە و پارێزگاری دەکات لە میراتی سروشتی وشارستانی و کەلتوری ناوچەکان. گەشتوگوزاری ژینگەیی وەک چارەسەرێک دەستنیشانکرا لە کۆتای ساڵانی 1980 بۆ ڕەواجدان بە گەشتوگوزاری بەردەوام لە ناوچە سروشتییەکان و دارستانەکان و پاراستنی کەلتور، گەشتوگوزاری ژینگەیی بریتییە لە چەمکی گەشتوگوزاری بەرپرسیار چونکە مامەڵە لەگەڵ

سروشت دەکات و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ کاریگەرییەکانی گەشتوگوزار لەسەر ژینگە و کۆمەڵگاکان (Sati,2021, 20) برەوودەدات لەپێناو پاراستنی ژینگە و بەڕێوەبردنی سیستەمی ژینگەیی، هەروەها کۆمەڵەی نێودەوڵەتی گەشتوگوزاری ژینگەیی (The International Eco-tourism Society(TIES دوبارە بە گەشتوگوزاری بەرپرسیار ناساندویەتی بۆ پارێزگاریکردن لە سروشت و پاراستنی ژینگە و باشترکردنی شێوازی ژیانی دانیشتوانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، لەم چوارچێوەیەدا ئەم جۆرەی گەشتوگوزار بەچەندین شێوەی تر ناوی دەهێنرێ لە توێژینەوەکاندا وەک گەشتوگوزاری سەوز(Green tourism) و گەشتوگوزاری سروشتی (Nature tourism) و گەشتوگوزاری بەرپرسیار ( Responsible tourism) و گەشتوگوزاری جەنگەڵ (Jungle tourism) گەشتوگوزاری نەرم (Soft tourism) و گەشتوگوزاری جێگرەوە (Alternative tourism). (Miller,1994) پێی وایە هەوڵەکان بۆ پارێزگاریکردن لە زیندەگی (بایلۆجی) پێویستە ڕەچاوی فاکتەرەکانی ژینگە و کۆمەڵگا و ئابوری و سیاسی بکەن بەیەکسانی بەشێوازێک کە بەردەوامیان هەبێ لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ.

یەکەم پێناسەی فەرمی گەشتوگوزاری ژینگەیی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە سروشت لە 1996 The International Union for Conservation of Nature (TIUCN) کە بریتییە لە گەشتکردن بۆ ناوچەیەکی سروشتی دابڕاو یان دورەدەست بەمەبەستێکی دیاریکراو وەک خوێندن و سەرکێشی و خۆشی وەرگرتن لە دیمەنی دارستان و کەژو چیا و ئاژەڵە کێویەکان یاخود هەر دیاردەیەکی کەلتوری ئێستا و ڕابردو لە ناوچەکە. بەڵام ( Fennell, 2014, P.10) لە کتێبی گەشتوگوزاری ژینگەیی دەڵێ ئەم پێناسە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان کە لەلایەن سیبایۆس (Ceballos-Lascuráin) پێناسەکراوە. ڕەگی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی هێتزر (Hetzer) لە ساڵی 1965 کە تیایدا باس لە کارلێکی نێوان گەشتوگوزار و ژینگە و کەلتور و ڕۆشنبیری دەکات، بەڵام تۆوی ئەم چەمکە لۆثار ( Lothar Machura) چاندویەتی لە توێژینەوەیەکیدا لە ساڵی 1954 بەناونیشانی ٠(پاراستنی سروشت و گەشتوگوزار) کە تیایدا ڕۆڵی گەشتوگوزاری بە ئەرێنی باسکردوە بۆ پارێزگاریکردن لە سروشت و ژینگە. لەگەڵ ئەمانەشدا باوترین پێناسەی گەشتوگوزاری ژینگەیی کە زۆر بەکاردێ لەنێو توێژەران پێناسەکەی (TIES) کە بریتییە لە گەشتێکی بەرپرسیارانە بۆ ناوچەیەکی سروشتی کە پارێزگاری دەکات لە ژینگە و ژیانی خەڵکانی ناوچەکە باش دەکات. هەروەها هەمان ڕێکخراو پێش ئەوەی ببێت بەنێودەوڵەتی پێناسەی گەشتوگوزاری ژینگەیی کردوە بەوەی گەشتێکی بەمەبەستە بۆ ناوچەیەکی سروشتی بۆ تێگەیشتن لە کەلتور و مێژو و ژینگەی ناوچەکە بەرەچاوکردنی سیستەمی ژینگەیی و ڕەخساندنی هەلی ئابوری کە دەبێتە هۆی پاراستنی دەرامەتە سروشتییەکانی ناوچەکە بۆ خەڵکانی ناوچەکە (McLaughlin,2011, 8). هەروەها (Honey,2008) کە خۆی ئەندام بوە لە ڕێکخراوی (TIES) لە 2003-2006 پێیوایە گەشتوگوزاری ژینگەیی بەهۆی جیاوازی زۆر لە مەبەستەکان و ئامانجەکان لێی پێناسەیەکی گشتگیر و تاکرەوانە قبوڵ ناکات و دەکرێ پێناسە بکرێ بەوەی بریتییە لە گەشتێک بۆ ناوچەیەکی ڕەسەن یان پارێزراو بە شێوازی گروپی بچوک بەمەبەستی کەمکردنەوەی فاکتەرە کارتێکەرەکان لەسەر ژینگەو خەڵکانی ناوچەکە و فێرکردن و ڕاهێنانی گەشتیاران و دابینکردنی پارە بۆ پارێزگاریکردن و پەرەپێدانی سودە ئابورییەکان و بەهێزکردنی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و ڕیزگرتن لە کەلتورە جیاوازەکان و مافی مرۆڤ لە ئامانجەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیین. (Goodwin,1996, 288) دەڵێ گەشتوگوزاری ژینگەیی واتا کەمکردنەوەی کاریگەری گەشتوگوزار لەسەر سروشت و پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی جۆرەکانی زیندەوەران و ژینگەکانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و دابینکردنی سەرمایە بۆ خەڵکانی ناوچە ناوخۆییەکان لەپێناو دەستنەبردن بۆ ئەم سروشت و زیندەوەرانە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ. هەروەها (Fennel, 2014, 15) لە پێناسەی گەشتوگوزاری ژینگەیدا دەڵێ بریتییە لە شێوازی بەردەوامبونی دەرامەتە سروشتییەکان لەسەر بنەمای گەشتوگوزار کە بەشێوەیەکی بنچینەیی جەختدەکاتەوە لەسەر

ئەزمونکردن و فێربون دەربارەی سروشت، بەڕێوەبردنێکی ژیرانە و ویژدانانەیە بەمەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان لەناوچە سروشتییەکان و پێویستە بەشداربێت لە پاراستن و پارێزگاریکردن لەم ناوچانە.

کەواتە دەتوانین بڵێین گەشتوگوزاری ژینگەیی بریتییە لە گەشتێکی بەرپرسیارانە بۆ ناوچەیەکی سروشتی بە مەبەستێکی دیاریکراو بە ڕەچاوکردنی ژینگە سروشتیەکە و ژیانی خەڵکانی ناوچەکە. لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە.

بنەماکانی ناسینەوەی گەشتوگوزاری ژینگەیی (Wood, 2002).

- کەمکردنەوەی کاریگەرە خراپەکان لەسەر ژینگە و زیادکردنی ڕێزگرتن لە کەلتوری خانەخوێکان.
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و ڕۆشنبیری و کەلتوری.
- ڕەخساندنی کار و دابینکردنی سودی دارایی بۆ خەڵکانی ناوچەکە و وڵاتی خاوەن ماڵ.
- دابینکردنی سەرمایە بۆ پارێزگاریکردن لە دەرامەتە سروشتییەکان و بونەوەرە کێویەکان.
- پارێزگاریکردن لە ئاژەڵ وباڵندە دەگمەنەکان و جۆراوجۆریەتی بونەوەران.
- پارێزگاریکردن لە کەلتور و ڕۆشنبیری و کەلوپەلە ڕەسەنەکان و باڵەخانە ئەندازەییە کۆنەکانی خەڵکانی ناوچەکە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕازیبونی گەشتیار.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەوا گەشتیاری ئەم جۆرەی گەشتوگوزار جیاوازی هەیە لەگەڵ گەشتیارێکی ئاسایی و لەلایەن توێژەران و دەزگا گەشتیاریە نێودەوڵەتییەکانەوە بە گەشتیاری ژینگەیی ناسێندراوە، ڕێکخراوی (TIES) گەشتیاری ژینگەیی ناساندوە بەم جۆرە "بەشداری کەسێکە لە گەشتێکی بەرپرسیارانە بۆ ناوچەیەکی سروشتی کە تیایدا پارێزگاریکردن لە ژینگە و ژیانی خەڵکی ناوچەکەی تیادا ڕەچاوکراوە و بنەماکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی پەیرەودەکات". هەروەها (Weaver, 2002) دو جۆری سەرەکی گەشتیاری ژینگەیی دیاریکردوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک لە خشتەی (1) ڕونکراوەتەوە و لەلایەکیترەوە (Lindberg) گەشتیاری ژینگەیی دابەش کردوە بەسەر چوار جۆری سەرەکی لەسەر بنەمای ئەو مەبەستەی گەشتی بۆ دەکەن و ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدەن لەوانە: (Fennell, 2014, P.23)

- گەشتیاری سروشتی چاودێر(Hard- core nature tourists): زیاتر توێژەرانی زانستی و فێرخوازان و ئەو گەشتیارانەی بەمەبەستی فێربونی شتێک گەشت دەکەن دەگرێتەوە کە ڕۆشنبیری ژینگەییان بەرزە.
- گەشتیاری تایبەتمەند بە سروشت(Dedicated nature tourists): ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەردانی ناوچەی پارێزراوە سروشتییەکان دەکەن یاخود گەشت دەکەن بۆ ئاشنابون و تێگەیشتن لە مێژو و کەلتوری ناوچە خۆجێیەکان.
- گەشتیاری سروشتی ئاراستە گشتیەکان (Mainstream nature tourists): ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە حەز بە گەشتێکی نائاسایی و جیاواز دەکەن وەک سەدانیکردنی ئەمازۆن و نیگارا و هیمالایا ...هتد.
- گەشتیاری سروشتی ئاسایی (Casual nature tourists): ئەو کەسانەن کە سەردانی ناوچەیەکی سروشتی دەکەن بێ مەبەست تەنها وەک بەشێکە لە گەشتە فراوانەکەیان.

خشتەی (1) جۆر و تایبەتمەندیەکانی گەشتیاری ژینگەیی


| جۆرەکان | گەشتیاری ژینگەیی نمونەیی ( Ideal (hard-core Eco tourist | گەشتیاری ژینگەیی نەرم ( Soft Eco (tourist |
|---|---|---|
| تایبەتمەندیەکان | پابەندبونە ژینگەییەکانی بەهێزە | پابەندبونە ژینگەییەکانی مامناوەندە |
| | گەشتی ماوەدرێژ ئەنجام دەدەن | گەشتی کورتخایەن و فرەمەبەست ئەنجام دەدەن |
| | زیادکردن و بایەخدان بە بەردەوامی(Sustainability) | بەردەوامبون لاوزە |
| | گەشت دەکەن بە گروپی بچوک | گەشت دەکەن بە گروپی گەورە |
| | چالاکی جەستەیی پێویستە | چالاکی جەستەیی کەمتر پێویستە |
| | جەختدەکات لەسەر ئەزمونی تاکەکەسی | جەختدەکات لەسەر ئەزمونی ئەوانیتر و لێکدانەوە |
| | خۆی گەشتەکە ڕێکدەخات | پشت بەئەوانیتر دەبەستێ بۆ ڕێکخستنی گەشتەکە |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە (Weaver, 2002) و (McLaughlin, 2011, P.22).

## ٢,١,٢. قۆناغەکانی گەشەسەندنی چەمکی گەشتوگوزاری ژینگەیی

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە ئامانج و مەبەستەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتوە کە لە قۆناغی پاراستن لە پیسبونی ژینگەوە گۆڕاوە بۆ قۆناغی پارێزگاریکردن لە بەهەدەردانی سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن کەرتی گەشتیاریەوە و دواتر قۆناغی بەرەنگاربونەوە و کارکردن لەگەڵ کێشە ژینگەییەکان هاتە پیشەوە واتا چۆن بتوانین لەڕێگەی گەشتوگوزاری ژینگەییەوە جارێکیتر بەهەدەردراوەکان بگەڕێنینەوە بارودۆخی پیشوی و پارێزگاریکردن لەوەی ئێستا بەردەستە وەک لەشێوەی (1) ڕونکراوەتەوە.

شێوەی (1): قۆناغەکانی گەشەسەندنی چەمکی گەشتوگوزاری ژینگەیی




سەرچاوە: توێژەر بە سودوەرگرتن لە (كافي واخرون،2014، 56)

## ٣,١,٢. جۆرەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی:

لەگەڵ ئەوەی گەشتوگوزاری ژینگەیی خۆی جۆرێکی نوێی گەشتوگوزاری جێگرەوەیە بەڵام لەهەمان کاتدا چەندین فۆرم و شێوازی گەشت هەن کە تایبەتن بە گەشتوگوزاری ژینگەیی لەوانە(Orams, 2001, 30).

- گەشتوگوزاری پارێزراوی سروشتی (المحميات الطبيعية) (وەک گەشتکردن بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و قەدەغەکراو لە ڕاوکردن و پارێزگاریکردن لە ژیانی کێوی ناوچەکە)
- گەشتوگوزاری سەوزایی (سەردانیکردنی دارستان و دەشتەکان و پارکە گەورەکان ...هتد)
- گەشتوگوزاری ڕاوکردن (ڕاوی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و ماسی) (لەژێر چاودێری و بەڕێنمایی)
- گەشتوگوزاری ژێر دەریایی (بۆئاشنابون و بینینی ژیانی ژێر دەریاکان و مەرجان یاخود ئوتێلە هەڵواسراوەکانی ناو دەریا)
- گەشتوگوزاری بیابانی ئارام وەک چاودێریکردنی زیندەوەران و خشانی لم و خاک و سەیرکردنی دیمەنەکانی بیابان ..هتد
- گەشتوگوزاری سەفاری (وەک سەردانیکردنی پارکە نەتەوەییەکان کە تیایدا ئاژەڵان پارێزراون)
- گەشتوگوزاری سەرکەوتن بەچیا (وەک گەشتی گروپەکانی شاخەوانی و پیادەڕۆکان)
- گەشتوگوزاری چارەسەری بۆ ناوچەی پاک و دور لە پیسی هەوا وەک چیاکان و بیابانەکان و سەردانی ئاوە کانزاییە گەرمەکان بەمەبەستی چارەسەری و ئەشکەوت و غارەکان
- گەشتوگوزاری گەڕان (وەک گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شوێنی نوێ و دورگە و ..هتد)
- گەشتوگوزاری هاوینەهەوارەکان و خولە هاوینییەکان

- گەشتوگوزاری شوێنەواری و ئەشکەوتە کۆنەکان و نەخشی بەردەکان یاخود شیکاری بۆ بەردە بورکانیەکان و جیۆلۆجیەکان
- گەشتوگوزاری مۆزەخانە و شوێنە مێژوییە کۆنەکان ئاشنابون بە دابونەریتە کۆنەکان و ڕەسەنەکان
- گەشتوگوزاری پیشەیی وەک سەردانیکردن بۆ بینین و ئاشنابون بە پیشە کۆن و دەستیەکان و دروستکراوەکان لە پێست و ئیسقان و تەختە و بەرد...هتد
- گەشتوگوزار ئەندازیاری کۆن بۆ بینینی شێوازە ئەندازیاریەکانی باڵەخانە کۆنەکان و وێنەو جوانکاری سەر دیوارەکان.
- گەشتوگوزاری کشتوکاڵی یاخود گەشتوگوزاری گوند کە تیایدا گەشتیاران سەردانی ناوچە گوند نشینەکان دەکەن بەمەبەستی بەشداریکردن و بینینی پیشە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان، ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە وڵاتانی پێشکەوتو زیاتر بەرچاوە بەوپێیەی زۆرینەی خەڵکی ئاشنا نین بە ژیانی گوند و کشتوکاڵی. لەگەل ئەمەشدا ئەم جۆرەی گەشتوگوزار سودێکی ئابوری باشی هەیە بۆ دانیشتوانی گوندەکان و هۆکارێکیشە بۆ بەردەوامیبون و پەرەپێدان بە پیشەی گوندنشینان و پاراستنیان لە لەناوچون.

## ٢,٢. دوەم: پەرەپێدانی بەردەوام(Sustainable development)

بەهۆکاری ئەوەی لەدوای جەنگی جیهانی دوەم تاوەکو هەشتاکانی سەدەی ڕابردو وڵاتان بەگشتی و وڵاتانی پێشکەوتو بەتایبەتی دەستیان کرد بە کرداری پەرەپێدان لە بواری ئابوری و دواتر کۆمەڵایەتی بێ گوێدان بە کاریگەرە نەرێنیەکان لەسەر ژینگە، ژینگەی ئەم وڵاتانە و جیهان بەگشتی بەرەو دارمان چو و کۆمەڵێ کارەساتی ژینگەیی گەورە ڕوبەروی مرۆڤایەتی بۆوە لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتاو پیسبونی سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو و هەوا و خاک، ئەمە لەلایەک و لەلایەکیتر بڵاوبونەوەی هەژاری و برسیەتی تەنگی بەزۆرێک وڵاتانی دواکەوتو هەڵچنیبو و تەنانەت ڕێژەکەی گەیشتە نیوەی ژمارەی دانیشتوانی جیهان. ئەمانە وایکرد هۆشیاری کۆمەڵگاکان زیادبکات لەهەمبەر زیادبونی کێشەکان هەروەها وڵاتان بکەونەخۆ و کاربکەن بۆ ڕێگەگرتن لەم کارەساتانە و هەر ئەمەش وایکرد بیربکەنەوە لە جۆرێکی نوێی پەرەپێدان کە هەم پەرە بە گەشەی ئابوری بدات و هەم ڕێگر بێ لەبەردەم ئەم کارەساتانە کە ئەمەش لەدوای زنجیرەیەک کۆر و کۆنگرە و کۆبونەوە هات تا دواجار لە ڕاپۆرتی لیژنەی جیهانی بۆ ژینگە و پەرەپێدان کە بە ڕاپۆرتەکەی (Brundtland) ناسراوە لەساڵی 1987 چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام هاتە کایەوە (Wheeler,2013, 24).

## ١,٢,٢. ناساندنی چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام:

هەروەک زانیمان مێژوی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە زۆر کۆن نیە و دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردو هەروەک لە ڕاپۆرتی یەکێتی جیهانی بۆ پارێزگاری لە سەرچاوە سروشتییەکاندا هاتوە لە ساڵی 1981 بەناونیشانی (ستراتیجیەتی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە) دەڵێ پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە هەوڵدانی بەردەوام بەمەبەستی باشترکردنی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی تواناکانی سیستەمی ژینگە، کە ئەم پێناسە زیاتر گونجاوە بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی کشتوکاڵی (غصبان و البركاني،2017، 24). و چەند ناساندنێکیتریش هەبون بۆ ئەم چەمکە بەشێوەیەک لە خزمەت کەرتێک لە کەرتەکانی ئابوری دارێژرابون، بەڵام ناساندنی تەواوی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی جیهانی بۆ ژینگەو پەرەپێدان لە ساڵی 1987 کە بەناونیشانی (داهاتومان هاوبەشە)( Our Common Future )

(Brundtland,1987)کەوا پێناسەی پەرەپێدانی بەردەوامی کردوە "بریتییە لەپرۆسەی دابینکردنی پێداویستیەکانی ئێستای دانیشتوان بەبێ پەستان خستنە سەر نەوەکانی داهاتو بۆ گەیشتن بە پێداویستیەکانیان" (Krstic,et,al,2018) دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین کەوا بیرۆکەی ئەم ڕاپۆرتە دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی مالتۆس (Malthus) لە کۆتایی سەدەی هەژدە کە ئەمەش درێژەپێدەری ڕەخنەکانی مارکس (Marx) بو کە دواتر هەر بە فکرەی ماڵتۆسیەت ناسێنرا لەسەر زیادبونی هەرەمەکی ژمارەی دانیشتوانی زەوی (Dresner, 2012, 3). دواتر لەساڵی 1992 لە پەیماننامەی ڕیۆدی جانیرۆ هەمان پێناسە خراوەتەوە بەرباس بەڵام بە جەختخستنە سەر ئەوەی کەوا مرۆڤ سەنتەری ئەم پەرەپێدانەبێ لەبەرئەوەی مرۆڤ مافی ژیان وتەندروستیەکی باشی هەیە بە گونجان لەگەڵ ژینگە، هەر وەک یەکێ لە ئامانجەکانی پەرەپێدان بریتییە لە پێشخستنی کۆمەڵگا و جۆری ژیان بە لەبەرچاوگرتن و ڕێزگرتن لە مافەکانی نەوەکانی داهاتو (غصبان و البركاني،2017، 24).

هەروەها بەرێوەبەری پاراستنی ژینگەی ئەمریکی (William Ruckelshaus) دەڵێ پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە کرداری گەشەی ئابوری بە گونجان لەگەڵ توانای ژینگە، پێی وایە گەشەی ئابوری و پارێزگاری کردن لە ژینگە بەیەکەوە کردارێکی تەواوکاریە بەبێ کەموکوڕی، بەگەرخستنی تواناکانی ژینگەیە بەرێگەی عەقڵانی لەبەکارخستن و بەرهەمهێنان لەپێناو دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ (غنيم و ابوضنط،2010، 25). ئەمانە بونە هۆی ئەوەی کەوا پەرەپێدانی بەردەوام ڕوانینێکی نوێ (Vision) بهێنێتە ئاراوە لە کاروانی پێشکەوتنی جیهاندا ئەمیش بریتی بو لە دەستەواژەی "پێشکەوتن و پەرەپێدان بۆ هەمو تاکێکە" (Development for Everyone) کە ئەمە شوێنی خۆی بگرێ لە ستراتیجیەت و پلانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، لەم کاروانەشدا حکومەتەکان و پەروەردە و تاک و بونیاتنەرانی کۆمەڵگا و ئەکتەران و ڕاگەیاندن و میدیاکان ڕێکخراوە حکومی و مەدەنیەکان پشکدارن لە دروستکردنی هۆشیاری ژینگەیی (Environmental awareness) لای تاک. لەم پێناوەشدا چالاکیە ئابوریەکان پێویستە بخرێنە چوارچێوەی ئەم بەردەوامیە (Sustainable) لەپێناو هێشتنەوەی هەسارەی زەوی بەهەمو سەرچاوە سروشتی و ژینگە سروشتیەکەیەوە چونکە نەوەکانی داهاتوش هەمان مافی ئێمەیان هەیە بەسەر ئەم هەسارەوە و مافی خۆیانە ژیانێکی شایستە بژین (Krstic,et,al,2018).


کەواتە دەتوانین بڵێین پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدان بە کەرتێک لەپێناو زیادکردنی داهات و باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان لەسەر سیستەمی ژینگە لەپێناو پاراستنی زەوی و نەوەکانی داهاتو.

## ٢,٢,٢. ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی بەردەوام:

هەروەک لەپێشو باسمان کرد مەبەست لە وشەی (Sustainable) تەنها بەردەوامی ناگرێتەوە بەڵکو بەچەندین مانای جیای وەک (هێشتنەوە، پاراستن، پارێزگاری و ئینجا پەرەپێدان و پێشخستن) دێت. کاتێ باس لە پەرەپێدانی بەردەوام دەکەین کە دواهەمین و نوێترین جۆری پەرەپێدانە تەنها مەبەست لێی گرینگیدان نییە بە لایەنی ژینگەیی بەڵکو بەمانای دروستکردنی هاوسەنگی دێ لە نێوان بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەست و توانای سیستەمی کۆمەڵگا (ئێستا و داهاتو) بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ئەمەش واتا پاراستن و هێشتنەوەی تواناکانی زەوی بۆ دڵنیابون لە کوالیتی ژیان هەم بۆ ئەوانەی ئێستا لەسەری دەژین و هەمیش بۆ ئەوانەی هێشتا لەدایک نەبونە (Krstic,et,al,2018). کە ئەمەش واتا دروستکردنی هاوسەنگیەک لەنێوان هەرسێ ڕەهەندە سەرەکیەی پەرەپێدانی بەردەوام ( Sustainable

Development) کە پەرەپێدانی ئابوری و گەشەی کۆمەڵایەتی و پاراستن یاخود بەرپرسیاریەتی ژینگەیی دەگرێتەوە وەک لە شێوەی ژمارە (2) دیارە (اللبدي، 2015، 30) پێویستە هەریەکێک لەم لایەنانە گەشەی پێبدرێ لەپێناو لایەنەکانیتر واتا پەرەپێدانەکە دەبێ تەواوکاری بێت ئەگینا بە پەرەپێدانی بەردەوام لەقەڵەم نادرێ، لە گرینگترین ڕەهەندەکانیش ئەمانەن:

شێوەی (2): ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development Dimensions)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە (2018) Science for Environment Policy

## ١- ڕەهەندە ئابورییەکان:

گەشەی ئابوری هەمیشە ئەوپەڕی بەرزی داهات دەخوازێ لە چوارچێوەی بەکارهێنانێکی ژیرانەی سەرچاوەکان بەتەواوەتی بەتایبەت سەرچاوە دەگمەنەکان و ئەوانەی دوبارە نابنەوە. لەبەر ئەمە لە چوارچێوەی بەردەوامی گەشەی ئابوری پێویستی بە گۆڕانکاریەکی چەندێتی و چۆنیەتی هەیە هەم لە ڕوانگەی چالاکیە ئابورییەکان و هەمیش لە ڕوانگەی توێژینەوە زانستیەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و لەسەرو هەمو ئەمانەوە گۆڕانی بیرکردنەوەی خەڵکی. چونکە بە تێروانینی پەرەپێدانی بەردەوام، گەشەی ئابوری پێویستە بەجۆرێک بێ کە کاریگەریە نەرێنیەکانی لەسەر ژینگە( Environmental Negative Impacts) تیادا سنوردارکرابێ. لەبەرامبەردا دەبێ ئەوە بزانین کەوا ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام تەنها پاراستنی ژینگە نییە و بەڵکو گەیشتنە بەچەندین ئامانجیتری ئابوریانەی وەک کەمکردنەوەی هەژاری و یەکسانی لە داهات و ڕزگارکردنی وڵاتانی دواکەوتوە (Duran et.al,2015, 809). بەکورتی مەبەست لە ڕەهەندە ئابورییەکان واتا پێویستە کاڵا وکەلوپەل بەرهەمبهێنرێ لەسەر بنچینەی بەردەوامی و دوبارە بەکارهێناوەیان بەمەبەستی بەڕێوەبردنێکی ژیرانە لەلایەن حکومەتەوە بەجۆرێکیش بێ ناهاوسەنگی دروست نەکات لەنێوان کەرتەکان بەتایبەتی لەنێوان کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی(Harris,2000, 6). بەڵام لەلایەکیترەوە دەبێ ئەوەمان بیربێ کە ستراتیجیەتی ڕەهەندە ئابورییەکان ڕون نین لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە نەیانتوانیوە ببوژێنەوە لە ڕوی ئابوریەوە دوای ئەوەی توشی قەیرانە

داراییەکان بون. دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو خاڵانەی ڕەهەندە ئابورییەکان دەیخوازێ بریتین لە: (غنيم و ابوزنط،2010، 39)( غصبان و البركاني،2017، 28) (UNESCAP,2015).

- گەشەپێدانی ئابوریەکی بەردەوام و زیادکردنی لێهاتویی لە سەروەت و سامان.
- هاوسەنگی ئابوری و دابینکردنی پێداویستیە بنچینەییەکان.
- دابینکردن و دیاریکردنی پشکی بەکارهێنانی تاک لە سەرچاوە سروشتییەکان.
- وەستاندنی بەفیرۆدانی سەرچاوە سروشتییەکان لەرێگەی کەمکردنەوەی ئاستی بەکارهێنان.
- بەرپرسیاریەتی وڵاتانی پێشکەوتو لەسەر کێشەی پیسبون و چارەسەرکردنی.
- کەمکردنەوەی پشتبەستنی وڵاتانی تازەگەشەسەندو بە توانا ناوخۆییەکان.
- تەرخانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی ژیان لە وڵاتانی هەژار، چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان هەژاری و وێرانکردنی ژینگە و خێرا گەشەکردنی دانیشتوان.

## ٢- ڕەهەندە ژینگەییەکان:

ئامانج لەم ڕەهەندە پارێزگاریکردنە لە دەرامەتە سروشتییەکان بە هەردو جۆری ئەوانەی توانای نوێبونەوەیان هەیە و ئەوانەشی یەک جار بەکاردێن، هەروەها ڕێگریکردنە لە پەستان خستنە سەر ئەم سامانە سروشتیانە لەپێناو قازانجە ئابورییەکان. لەگرنگترین ئەم دەرامەتانەش ئاووهەوا و خاک و ئاو و ئاژەڵەکانن (Harris,2000, 6). واتا لێرەدا هەمو هەوڵەکان بۆ پارێزگاریکردن و گەشەپێدانە بە ژینگەی سروشتی هەروەک Durran لە (2015) ئاماژەی بەوە کردوە کەوا پەرەپێدان بە ژینگە بریتییە لە توانای لەخۆگرتن و هەڵگرتنی هەرسێ بوارە بنچینەییەکەی ژینگە کە ئەمانیش بریتین لە هێز و توانای سەرچاوەکان، داهاتوی پاشماوەکان و خاشاک، سود و بایەخی ڕاستەوخۆی ژینگە. هەروەها پێی وایە بەشێوە سادەکەی پەرەپێدانی ژینگەیی (Environmental Development) لەژێر چەتری پەرەپێدانی بەردەوام تەنها چاودێریکردنی ئابوری پەیوەست بە ژینگە ناگرێتەوە بەڵکو تەواوی ڕەهەندەکانی پەرەپێدان دەگرێتەخۆ، هەروەها هاوسەنگی ژینگەیی و یاساکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە دوانن لە بنچینە سەرەکیەکانی پاراستن و پەرەپێدانی ژینگە. مەبەست لە پەرەپێدانی ژینگەیی واتا دڵنیابون لە پاراستن و هێشتنەوە و دوبارە گەڕانەوەی توانای دەرامەتە سروشتییەکان، هەروەها بریتییە لەهێشتنەوە و جێگیربونی سیستەمی سروشتی و بایلۆجی زەوی و هەروەها پەرەپێدان بەتواناکانیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان.

هەوڵەکان لەپێناو پاراستنی ژینگە لە ساڵانی هەشتاکان تاوەکو ئێستا بەردەوامن کە خۆیان دەبیننەوە لە کۆڕو کۆبونەوە و کۆنگرە و توێژینەوەکان وەک کۆبونەوەی سەرانی 20وڵاتە زلهێزەکان کە بە G20 ناسراوە و ڕێککەوتننامەی پاریس و کۆنگرەکانی ڕیۆدیجانیرۆی بەرازیل و جۆهانزبێرگ و ستۆکهۆڵم ئەمە جگە لە هەزاران توێژینەوەی ئەکادیمی زانکۆکان و هەوڵی ڕێکخرواى مەدەنی و حکومی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، هەروەک Wheeler لە ساڵی (2004) دەڵێ لە ئێستادا ئێمە شاهێدی دروستبونی گۆڕانێکین کەوا بریتییە لە گۆڕان لە تێروانینە ئابورییەکان بە ئاراستەی تێروانینە ژینگەییەکان. هەروەها ڕێکخراوی گەشتگوزاری جیهانی سەر بە نەتەوە ئەکگرتوەکان (UNWTO) کۆمەڵێ یاسای تایبەت بە وڵاتان داناوە تایبەت بە پاراستنی ژینگە بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوەی دەبینرێ جێبەجێکردن وەک پێویست نییە لەلایەن تاک و کۆمەڵگاکان بەتایبەتی سیاسەتی حکومەتەکان و کەوتنە ژێر ڕکێفی سیاسەتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان. لە

گرنگترین هەوڵەکان لەم ڕەهەندە بریتین لە: (السعدي، 2023، 31)(غنيم و ابوزنط،2010، 39)( غصبان و البركاني،2017، 28)(Elleuch et al, 2018).

- پاراستنی خاک لەبەهەدەرچون و پاراستنی پۆشەری ڕوەکی و بەکارنەهێنان یان کەمکردنەوەی قرکەرەکان.
- پارێزگاریکردن لەو سەرچاوە سروشتیانەی کە پێویستین بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک.
- پارێزگاریکردن لە سەرجاوە ئاویەکان.
- پارێزگاریکردن لە جۆراوجۆریەتی ئاژەڵ باڵندە و زیندەوەرانی وشکانی و ئاوی.
- پارێزگاریکردن لە ژینگە و پەناگەی ئاژەڵان و گشت زیندەوەران بەهۆکاری کەم بونەوەی ڕوبەری پێویست بۆ کشتوکاڵ.
- پارێزگاریکردن لە توانای لەخۆگرتن.
- دانانی سنورێک بۆ کەمکردنەوەی پیسبونی ژینگە (ئاوی، وشکانی، هەوا).
- پارێزگاریکردن لە ئاووهەوا لە قەتیس بونی گەرما (Global Warming) کە ژینگەی جیهان دەخاتە ژێر مەترسیەوە.

### ٣- ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەم ڕەهەندەش هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی هەژاری و جیاوازی ڕەگەزی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایتی وەک پەروەردە و تەندروستی و کەمکردنەوەی بێکاری و دابینکردنی ژیانێکی گونجاو بۆ گشت تاکەکان لەسەرانسەری جیهان (Harris,2000, 6). هەروەها بەردەوامی مرۆیی ( Human Sustainability) لەپێناو پارێزگاری کردن لە بەهەدەردانی سەرچاوەکانی بەردەست و پاراستنی ژینگە پێویستە گونجاوی دروست بکات لەنێوان فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک پێکدادانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، شێوازەکانی ڕەفتاری تاک و بەهای مرۆڤایەتی (Dempsey et.al,2011). مەبەست لەم ڕەهەندە پاراستنی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و فرە کەلتوری و دروستکردنی دادپەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵگا لە دەردە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم (Social ills) و ئاوارەیی و بێ کاریە. ئاشنابون و پێزانین بە پێداویستیەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، بێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی هەبێ لەسەر ژینگە، پێویستە بۆ پارێزگاریکردن لەو ئاستەی ژینگە پێشکەشی دەکات لەپێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی شیاو بۆ نەوەی ئێستا و داهاتو(Duran et.al,2015, 810). ئەوخاڵانەی ئەم ڕەهەندە جەختی دەکاتەسەر بریتین لە: ( Dempsey et.al,2011, 13)(غصبان و البركاني،2017، 28) (السعدي، 2023، 31).

- دەستبەسەرداگرتن یاخود کۆنترۆڵکردنی گەشەی دیمۆگرافی، چونکە گەشەی خێرای دانیشتوان پەستانی زیاد دەخاتە سەر سەرچاوە سروشتییەکان.
- دابەشبونی ژیرانەی دانیشتوان لە شوێنە جوگرافیەکان، واتا هاوسەنگی شوێنی لەدابەشبونی دانیشتوان ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی پیسی و تێکدانی سیستەمی ژینگە.
- بەکارهێنانی نمونەیی لە سەرچاوە مرۆییەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی.
- هاندانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام.

- نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەروەردەی باش،خزمەتگوزاری تەندروستی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دادپەروەری لەداهات، ئاسایش و ئارامی، پاراستنی کەلتور، نەهێشتنی بێکاری لەگرنگترین ئەو خالانەن کە پێویستە دابینبکرێ بۆ تاک بەتاک لەپیناو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هۆشیار و بەرپرس بەرامبەر ژینگە و بەرامبەر نەوەکانی داهاتو.

## ٢,٣,٢. ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام:

لە گرینگترین ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە پارێزگاریکردن لەسەرجاوەکانی ئاو و خۆراک و تەندروستی و دانیشتوان و خزمەتگوزاری و داهات. لەبەرئەوەی ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی بەردەوام جیاوازن هەر بۆیە دەکرێ ئامانجەکانیش بەپێی ڕەهەندەکان جیاواز بن وەک ئەوەی بە کورتی لە خشتەی(2)دا خراوەتەڕو.

خشتەی (2) ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام

| بوارەکان | ئامانجە ئابورییەکان | ئامانجە ژینگەییەکان | ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان |
|---|---|---|---|
| ئـــــاو | مسۆگەر کردنی ئاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و شارستانی | پارێزگاریکردن لە سەرچاوەکانی ئاو و ئاوی ژێر زەوی و پاراستنیان لە پیسبون | دڵنیابون لە دابینکردنی ئاوی پاک بۆ ماڵان بەتایبەت لە وڵاتانی هەژار نشین |
| خـــۆراک | بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەپێناو پاراستنی ئاسایشی خۆراک | دڵنیابون لە بەردەوامی بەکارهێنانی زەوی و دارستان و ژیانی وشکانی و ئاوی | باشترکردنی بەرهەمی خۆراکی و کشتوکاڵی و دڵنیایدان لە ئاسایشی خۆراکی ناوچەیی |
| تەندروستی | چاودێری تەندروستی کرێکار و باشکردنی لایەنی تەندروستی و دڵنیایی لە شوێنی کار | دڵنیابون لە پارێزگاریکردنی ئاژەڵان و زیندەوەران و سیستەمی ژینگەییان | دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەگشتی و بەتایبەت پێشەنگی بدرێ بە هەژاران |
| نیشتەجێبون و خزمەتگوزاری | دابینکردنی تەواوەتی مەوادی خانو و مسۆگەرکردنی ژێرخانی ئابوری | گەرەنتیکردن لە بەکارهێنانێکی نمونەیی و بەردەوام بۆ بەکارهێنانی زەوی و دارستان و وزە کانزاکان | دابینکردن و بەدەستخستنی شوێنی گونجاو و بە نرخی گونجاو بەرەچاوی تەندروستی و گواستنەوە بۆ چینی هەژاران |
| داهات و بەکارخستن | زیادکردنی توانای کرینی تاک و پاڵپشتی پرۆژەی بچوک و مامناوەند | پاراستنی ئەو سەرچاوە سروشتیانەی کە پێویستن بۆ گەشەی ئابوری | ڕەخساندنی پیشە و هەلی کار و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی کار |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە (غصبان و البركاني،2017، 30)(Wheeler,2013, 182).

## ٤,٢,٢. ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام:

ئاستەنگەکانی بەردەم کرداری پەرەپێدان: لەگەڵ ئەوەی کرداری پەرەپێدان پێویستی بەچەندین پێداویستی سەرەکی هەیە بۆ جێبەجێکردن وەک لە سەرەوە باسمان لێوەکردوە، لەهەمان کاتدا چەندین ئاستەنگ و بەربەست هەن دەبنە ڕێگر لەبەردەمیدا ڕێگە لە سەرکەوتنی پرۆسەکە دەگرن، لەگرنگترینیان: (غصبان و البركاني،2017، 31) (غنيم،2017، 58) (Mowforth & Munt,2015, 15)

- هەژاری، ئەمە هۆکارێکی بنچینەیە کە سەردەکێشێ بۆ کۆمەڵێ کێشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.
- سنورداری بازار، بازاری بچوک و بێ بازاری هۆکارە بۆ ساغ نەبونەوەی بەرهەم و کەمی داهات ئەمەش گرفتە لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام.
- دولایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، مەبەست لە دولایەنی ئابوری واتا دروستبونی جیاوازی ئابوری نێوان شار و گوند یان ئابوری پێشکەوتو و تەقلیدی کۆن، دولایەنی لە کۆمەڵایەتی واتا بونی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو بەرامبەر کۆمەڵگایەکی دواکەوتو، کە ئەمانە لەگەڵ ئامانجەکانی پەرەپێدان یەکناگرنەوە و دەبنە بەربەست.
- پشتبەستن بە دەرەوە: ئەمە خراپترین خاڵە بۆ کرداری پەرەپێدان چونکە وڵات لەم کاتەدا خاوەن بڕیاری خۆی نیە و هەمیشە چاو لەدەستی وڵاتانی پێشکەوتوە و هەموکات گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکان، ئەمەش لە کەمی دەرامەتی مرۆیی و دەرامەتی سروشتی وڵات و بێ توانای سیاسی بۆ بەڕێوەدردن سەرچاوەدەگرێ.
- جەنگ و داگیرکاری، جەنگەکان هەمیشە کاولکارن و زیانێکی زۆر دەگەیەنن بە ژینگە و دەبنە هۆی تێکچونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، داگیرکاری بیانیش بەهەمان شێوە وەک ئەوەی لە ساڵی 2020 ڕویدا لە عفرینی ڕۆژئاوای کوردستان کە داگیرکەری تورکی سەرباری لەناوبردنی کەرتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ژینگەی شارەکەشیان وێران کرد بە بڕینەوەی دارەکان، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی 1988 کە وایکرد ژینگەی ناوچەکە وێرانبێت لەپاڵ تێکچونی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکە کە تائێستاش ئاسەواری ماوە.
- پەستانی دانیشتوان یاخود کۆبونەوەی دانیشتوان بە هەرەمەکی لە شوێنێک کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی ژینگەکە و تێکچونی بارودۆخی ژیان بەتایبەت لە ناوچە هەژارنشینەکان.
- سنورداری دەرامەتی مرۆیی: مەبەست لەمە کەمی دەستی کار بەگشتی و بەتایبەت دەستیکاری شارەزا لە ناوخۆ، کە ئەمە پەکخستن و دواخستنی کرداری پەرەپیدانی بەدوادا دێت و ناچار بە هاوردەکردنی دەستی کار دەبێ لە دەرەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی و ئەمەش دوبارە کاریگەری نەرێنی دەبێ، چونکە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی بەرهەمی بەرهەمهاتو.
- خراپی لەدابەشکردن: گومان لەوەدانیە خراپ دابەشکردنی داهات بەسەر دانیشتوان و کۆمەڵگاو شوێنە جیاجیاکانی وڵات دەبێتەهۆکاری دروستبونی جیاوازی شوێنی لەروی ئاست پیشکەوتن و داهاتی تاک و ناهاوسەنگی لەنێوان هەرێمێک بۆ هەرێمێکیتر و ئەمانەش ڕۆڵی خراپ دەگێرن لەهەمبەر کرداری پەرەپێدان کە یەکێ لە ئامانجەکانی هاوسەنگی هەرێمی و تاک و کۆمەڵگایە.
- نەبونی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو و شارەزایی پێویست و دەستی کاری شارەزا بەتایبەت لە وڵاتانی تازە گەشەسەندو.
- کەمی دراوی گران بەها: ئاشکرایە زۆرینەی هەناردەی وڵاتانی تازەگەشەسەندو بریتییە لە مەوادە خاوەکان و دراوە گرانبەهاکان لەم ڕێگەیەوە دەستدەکەون، ئەمەش زۆر جار بەهۆکاری جیاواز گۆڕانکاری دروست دەبێ لە نرخی بازرگانی نێودەوڵەتی و ئەم وڵاتانە زەرەرمەند دەبن و کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر کۆی پرۆژەکان و خزمەتگوزاریەکان و لەچوارچێوەیدا کرداری پەرەپێدان، بۆ نمونە وەک ئەوەی لە عێراق ڕویدا لە ساڵی 2020 بەهۆی دابەزینی ڕاستەوخۆی نرخی نەوت.

لەپاڵ ئەم بەربەستانەشدا هەندێ هەوڵ هەن بۆ ڕوبەروبونەوەی کێشەکان لە گرنگترینیان ئەمانەن:

- دابینکردنی پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پەرەپێدانی بەردەوام لە وڵاتانی تازە گەشەسەندو.
- ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی گەشەی تەندروستی و زانستی و پەروەردەیی بۆ گەلانی دواکەوتو.
- هاندانی وەبەرهێنەرانی ناوەخۆ و بیانی لەپێناو دروستکردنی ئابوریەی بەهێز و تەواوەتی.
- هاندانی توێژەران بۆ توێژینەوە لەپێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەیی
- پارێزگاریکردن لە شوێنەوار و شوێنە کۆنەکان کە پشکدارە لە گەشەی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگاو ناسنامەی وڵات.
- بەشدارییپێکردنی وڵاتانی تازەگەشەسەندو لە سەنتەری بریاردانی نێودەوڵەتی.

## ٣. کاریگەرییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەسەر پەرەپێدانی بەردەوام

گەشتوگوزار بەشێوەیەکی کرداری ڕۆڵی کارای هەیە لەسەر ژینگە بەهەردو شێوازی ئەرێنی و نەرێنی بەڵام کاتێک باسی گەشتوگوزاری ژینگەیی دێتە ئاراوە لایەنە ئەرێنییەکانی زۆر بەرچاوترن، بەوپێیەی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار زیاتر مامەڵەدەکات لەگەڵ ژینگەی سروشتی، واتا ژینگە بەشێوە سروشتیەکەی بنەمای ئەم جۆرەی گەشتوگوزارە. لەبەر ئەم هۆکارە گەشتوگوزاری ژینگەیی هەمیشە لەخەمی پاراستنی ژینگە دایە کە ئەمەش ئامانجێکی سەرەکی پەرەپێدانی بەردەوامە.

گەشتوگوزاری ژینگەیی کاتێک بە بەرپرسیارانە پراکتیزە بکرێت، دەتوانێت چەندین کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەپێدانی بەردەوام هەبێت. لێرەدا چەند کاریگەرییە سەرەکییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی دەخەینەڕو: ( Nepal, 2002; Kiper, 2013; Kalaitan et al, 2021)

- پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان: گەشتوگوزاری ژینگەیی پەرە بە پاراستن و پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان دەدات، لەوانەش جۆراوجۆری زیندەوەران، سیستەمی ژینگەیی و کەلتوری ڕەسەن. بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی پاراستنی ئەم سەرچاوانەی، گەشتوگوزاری ژینگەیی هانی پراکتیزەکردنی بەردەوام دەدات وەک پاراستنی گیانلەبەرە کێوییەکان، نۆژەنکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبون و بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی زەوی.
- گەشەپێدانی ئابوری: داهاتی بەدەستهاتو لە پیشەسازی گەشتوگوزار لە جیهاندا بۆ ساڵی 2022 بریتییە لە یەک ترلیۆن (UNWTO, 2023), لەم ڕێژەیەش گەشتوگوزاری ژینگەیی بەشدارە بەڕێژەی (195.9) ملیار دۆلاری ئەمریکی (Precedence research, 2023) لە ڕێگەی دروستکردنی هەلی کار بۆ کۆمەڵگا ناوخۆییەکان. کاتێک گەشتیاران سەردانی شوێنەکانی گەشتیاری گەشتوگوزاری ژینگەیی دەکەن، زۆرجار لە شوێنی نیشتەجێبونی خاوەندارێتی ناوخۆیی دەمێننەوە، بەرهەمی ناوخۆیی دەکڕن و بەشداری چالاکییەکان دەکەن کە لەلایەن ڕێبەرە ناوخۆییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. ئەم داهاتە دەتوانێت پشتگیری لە بازرگانییە ناوخۆییەکان بکات و گەشەی ئابوری هانبدات، بەمەش پشتبەستن بە پیشەسازییە نابەردەوامەکان کەمدەکاتەوە.
- بەهێزکردنی کۆمەڵگا: گەشتوگوزاری ژینگەیی ئامانجی بەشداریکردنی کۆمەڵگە ناوخۆییەکانە لە پرۆسەکانی بڕیاردان و سودگەیاندنیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هانی بەشداریکردن و خاوەندارێتی کۆمەڵگا دەدات، کە خەڵکی ناوچەکە دەتوانن قسەیان هەبێت لە پەرەپێدانی گەشتیاریدا، کرێی دادپەروەرانە وەربگرن و میراتی کولتوری خۆیان پیشان بدەن. ئەم بەهێزکردنە یارمەتی بەهێزکردنی خۆڕاگری کۆمەڵگا دەدات، و هەستکردن بە شانازی بە کولتور و نەریتە ناوخۆییەکان پەروەردە دەکات.

- پەروەردە و هۆشیاری ژینگەیی: گەشتوگوزاری ژینگەیی دەرفەت بۆ سەردانکەران دەڕەخسێنێت کە فێری ژینگە و هەمەچەشنی و بەردەوامی ببن. پەروەردەی ژینگەیی لە ڕێگەی بەرنامەی تۆکمە و گەشتی ڕێنمایی و ئەزمونی کارلێکەوە بەرەوپێش دەبات. بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە گرنگی سیستەمی ژینگە و پێویستی پاراستنی، گەشتوگوزاری ژینگەیی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هۆشیاری ژینگەیی زیاتر.
- ژێرخانی بەردەوام: گەشتوگوزاری ژینگەیی هاندەری پەرەپێدانی ژێرخانی بەردەوامە. کە بەزۆری جەخت لەسەر شوێنی نیشتەجێبونی (دۆستی ژینگە، سەرچاوەی وزەی نوێبوەوە، سیستەمی بەڕێوەبردنی پاشماوە و بژاردەی هۆکارەکانی گواستنەوەی کەم کاریگەری دەکاتەوە). ئەمانەش وادەکەن کاریگەری ژینگەیی چالاکییە گەشتیارییەکان کەمبێتەوە.
- پاراستنی کولتوری: گەشتوگوزاری ژینگەیی بە پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و ڕێزگرتن لە شێوازی ژیانیان، داب و نەریت و کولتوری ناوچەکە بەرەوپێش دەبات. بە گرنگیدان بە جۆراوجۆری کەلتور، گەشتوگوزاری ژینگەیی یارمەتی پاراستنی ناسنامە کولتورییە ناوازەکان دەدات.

بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە گەشتوگوزاری ژینگەیی دەتوانێت کاریگەری نەرێنیشی هەبێت ئەگەر بە باشی بەڕێوە نەبرێت. زیادەڕۆیی لە گەشتیاری، تێکچونی شوێنی نیشتەجێبون، بە کاڵاکردنی کولتوری و کەمبونەوەی سەرچاوەکان مەترسییە ئەگەرییەکانن. بۆیە پلاندانان و ڕێکخستن و هاوکاری کاریگەر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا زۆر گرنگە بۆ زۆرترین کاریگەرییە ئەرێنییەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان.

## ٤. گەشتوگوزاری ژینگەیی لەکوێی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامدایە؟

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردوە ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە یەکگرتوەکان پرۆژەیەکی گەورەی داناوە بەناوی ئەجێندای سەدەی بیست و یەک کە بەنیازە تاوەکو ساڵی 2030 بگات بە زۆرێک لە ئامانجەکانی کە بەگشتی لە 17 ئامانجی سەرەکی پێکدێ (شێوەی 3). لێرەدا ئێمە دەمانەوێ بزانین پیشەسازی گەشتوگوزار لەکوێی ئەم ئامانجانەدایە و ڕۆڵی گەشتوگوزاری ژینگەیی چی دەبێت لە گەیشتن بەم ئامانجانە. بۆ ئەم مەبەستە بەخاڵ یەک بە یەک ئامانجەکان دەخەینەرو. (UNWTO, 2022; Saarinen, 2020; The International Ecotourism Society,2020 ).

1- ئامانجی یەکەم (نەمانی هەژاری): گەشتوگوزار وەک یەکێک لە گەورەترین و خێراترین کەرتی گەشەسەندنی ئابوری لە جیهان جێدەستی دیارە لەم کاروانەدا بە دابینکردنی داهات لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار و دروستکردنی پرۆژە ی بچوک، بەجۆرێک پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام دەتوانێ ببێتە پردێک لەنێوان کۆمەڵگا و ئامانجی یەکەم کە لەناوبردن و کەمکردنەوەی هەژاریە.

2- ئامانجی دوەم (نەهێشتنی برسیەتی): لەگەڵ ئەوەی گەشتوگوزار هۆکارە بۆ دەسکەوتنی داهات و سەرمایە کە ئەمەش ڕێگە لە برسێتی دەگرێ لەلایەکیترەوە گەشتوگوزاری ژینگەیی هۆکارە بۆ دروستبونی جۆرێکیتری گەشتوگوزار بەناوی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی (Agro-tourism) کە دەبێتە هۆی ئەوەی کاڵا و کەل و پەل وبەرهەمی کشتوکاڵی ناچە لادێیەکان بفرۆشن بە گەشتیاران ببێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆیان لەلایەک و لەلایەکیترەوە بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ کە سەرچاوەی خۆراکە.

3- ئامانجی سێیەم (تەندروستی و خۆشگوزەرانی): بەو داهاتەی کە لە ڕێگەی باجی گەشتیاریەوە دەست دەکەوێ دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی ناوچەکە و کەمکردنەوەی مەترسیە تەندروستیەکان. بە نمونە بەپێی یاسای گەشتیاری هەرێمی کوردستان پێویستە 30%ی داهاتی گەشتیاری لە خزمەتگوزاری ناوچە گەشتیاریەکان خەرج بکرێت.

4- ئامانجی چوارەم(پەروەردەیەکی بە کوالێتی): گەشتوگوزار هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و کوالێتی خوێندن چونکە ئەم کەرتە پێویستی بە دەستی کاری زۆر هەیە بەتایبەت دەستی کاری شارەزا و خاوەن بروانامە لەم بوارەدا بۆ ئەوەی بتوان کار بکەن لەم کەرتە.

5- ئامانجی پێنجەم (یەکسانی ڕەگەزی): گەشتو گوزار بەتەواوی هێز دەدات بە ژنان بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە و گەیشتن بە ئابوری سەربەخۆ لە ڕێگەی کارکردنیان لە کەرتی گەشتیاریدا کە بەشێک لە پیشەکانی ئەم کەرتە تایبەتە بە ڕەگەزی مێینە.

6- ئامانجی شەشەم (ئاوی پاک و تەندروست): لەگەڵ ئەوەی ئاو بۆ گەشتوگوزار بۆدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرهەمهێنانی گەشتیاری پێویستیەکی سەرەکیە لە هەمان کاتدا بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی کۆڵەکەیەک و پێکهێنەرێکی سەرەکیە، لەبەر ئەوە گەشتوگوزار هەمیشە پارێزگاریکردن لەو دەرامەتە بە ئەرک دەزانێ لەرێگەی پاراستنی لە پیس بون و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بەمەبەستی کەم بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لێی. وەک بەکارهێنانی بەلوعەی زیرەک و توالێتی نوێ و فلتەرکردنەوەی ئاوی مەلەوانگەکان ...هتد.

7- ئامانجی حەوتەم (وزەی پاک و هەرزان): گەشتوگوزار دەتوانێ بەشدار بێت هۆکارێک بێت بۆ زیادبونی بەکارهێنانی وزە نوێیوەکان و کەم کردنەوەی گازە پیسەکان بۆ ناو هەوا کەمکردنەوەی کاریگەری گۆڕانەکانی ئاو و هەوا و بەشداریکردن لە دەستگەیشتن بە وزە بۆ هەموان وەک بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی و هێڵە گشتیەکان و دابینکردنی وزە لە خۆر و با و ئاو بۆ پرۆژە گەشتیاریەکان.

8- ئامانجی هەشتەم (کاری شیاو و گەشەی ئابوری): بەوپێیەی گەشتوگوزار خزمەتگوزاریەکی بازرگانیە و یەکێکە لە چوار بەهێزترین هەناردەکاران لە ئێستا لە سەر ئاستی جیهان بەجۆرێک لە هەر 10 هەلی کار یەکێکیان دابین دەکات، دەتوانێ کاری شیاو بەتایبەت بۆ گەنجان و ژنان دابین بکات.

9- ئامانجی نۆیەم (بەهێزکردنی پیشەسازی و ژێرخانی ئابوری): کەرتی گەشتیاری دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ژێرخان و نوێکردنەوە، وایان لێدەکات بەردەوامتر و داهێنەرانەتر و کاراتر دەرکەون و هانی وەبەرهێنانی بیانی دەدات بۆ وەبەرهێنانی گەشتیاری.

10- ئامانجی دەیەم (کەمکردنەوەی نایەکسانی): گەشتوگوزار هەوڵ دەدات لەرێگەی نوێکردنەوەی ناوچە شارنشینیەکان و پەرەپێدان بە لادێکان هاوسەنگی بپارێزی و نایەکسانی لە داهات و ڕۆشنبیری و پەروەردە کەمبکاتەوە.

11- ئامانجی یازدەیەم (بەردەوامی شار و کۆمەڵگاکان): گەشتوگوزار بە گشتی و گەشتوگوزاری ژینگەیی لەگەڵ پەرەدان بە ژێرخانی ناوچەکان داب و نەریت و کەلتوری خەڵکانی ناوچەکەش دەپارێزێ، پەرەدان بە بەرهەمهێنانی سەوز لە بوارەکانی ژێرخان و سەرخان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی پیسبونی هەوا و کەم بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە دەبێتە هۆی بەردەوامی شارەکان نەک تەنها بۆ خەڵکەکە بەڵکو بۆ گەشتیارانیش.

12- ئامانجی دوازدەیەم (بەرپرسیارانە لە بەکاربردن و بەرهەمهێنان): کەرتی گەشتیاری پێویستە شێوازی بەردەوامی هەبێت لە بەکاربردن و بەرهەمهێنان، کاریگەرییەکانی پەرەپێدان لەسەر گەشتوگوزار لەوانە وزە و ئاو و پاشەڕۆ و هەمەچەشنی بایۆلۆجی و دروستکردنی هەلی کار دەبێتە هۆی باشترکردنی ئەنجامی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.

13- ئامانجی سێزدەیەم (چالاکیەکانی ئاووهەوا): گەشتوگوزار بەشدارە لەم چالاکیانە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم کردارانەی ئاووهەوا، بەشدارانی ئەم کەرتە پێویستە ڕۆڵی سەرکردانە بگێرن لە وەڵامدانەوەی گۆڕانکاریە ئاووهەواییەکان بە کەمکردنەوەی ڕێژەی $CO_2$ لە گواستنەوە و گەیاندن و شوێنی مانەوە، چونکە کەمی کاربۆن لە هەوادا سود دەگەیەنێ بە گەشتوگوزار.

14- ئامانجی چواردەیەم (ژیان لە ژێر ئاوەکان): گەشتوگوزاری کەناراوەکان و دەریایی پشت بە سیستەمی ژینگەی ئاوی تەندروست دەبەستێ، لەبەر ئەمە پەرەپێدانی گەشتوگوزار پێویستە ببێتە بەشێک لە بەڕێوەبردنی ژیرانەی کەناراوەکان بەمەبەستی پاراستنی سیستەمی ژینگەی دەریایی.


15- ئامانجی پازدەیەم (ژیان لەسەر وشکانی): دەوڵەمەندی هەمەچەشنی بایۆلۆجی و جۆراوجۆری سروشتی زۆرجار هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی گەشتیاران سەردانی شوێنی مەبەست بکەن، گەشتوگوزار دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت نەک تەنها بۆ پارێزگاریکردن لە هەمەچەشنی بایۆلۆجی و سروشت بەڵکو بۆ دابینکردنی داهات وەک جێگرەوەیەک بۆ خەڵکی ناوچەکە.

16- ئامانجی شازدەیەم (ئاشتی و یەکسانی و دامەزراوەی بەهێز): لە کاتێکدا گەشتوگوزار دەخولێتەوە لەنێوان ملیۆنەها پاشخان و بیروباوەر و کەلتوری جیاوازدا، دەتوانێت لێبوردەیی و لێکتێگەیشتنی فرەکەلتوری و نێوان باوەڕەکان بەهێز بکات و بناغەی کۆمەڵگایەکی ئاشتیخوازتر دابنێت.

17- ئامانجی حەڤدەیەم (هاوبەشی کردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان): لەبەر ئەوەی گەشتوگوزار سنورەکانی بڕیوە کەواتە دەتوانێ هاوبەشەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە و کاربکەن بەیەکەوە وەک کەرتی تایبەت و حکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و خاوەن کۆمپانیاکان و تاک و گەشتیاران بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە سیاسەتی گشتی و دارایی لە خاڵە بنچینەییەکانی ئەجێندای ساڵی 2030 دان.

کەواتە دەتوانین بڵێین گەشتوگوزاری ژینگەیی ڕۆڵی لە گشت ئامانجەکان هەیە بەتایبەتی لە زیاتر لە (9) ئامانجیان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر گەیشتن بەو ئامانجانە.

شێوەی (3): ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی 2030.




سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە (UNWTO, 219)

## ٥. ئەو گرفتانەی ڕوبەڕوی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام دەبنەوە لەچوارچێوەی ئامانجە گشتیەکان.

گەشتوگوزار وەک هەر کەرتێکیتر ڕوبەڕوی کۆمەڵێ کێشە و گرفت دەبێتەوە کە لەخوارەوە دەیانخەینەرو، هەرچەندە ئەم گرفتانە کێشەی جیهانین و تەنها گەشتوگوزار نیە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، لەگرنگترینیان: (Cruz, 2005, 32) (UNWTO, 2013, 19).

- بەڕێوەبردنی گەشەی دینامیکی: زیادبونی ژمارەی گەشتیاران بەپێی پێشبینیەکانی (UNWTO) لە ساڵی 2030 دەگاتە (1.8) ملیار ئەمەش پەستانێکی زۆر دروست دەکات لەسەر ژینگە و کۆمەڵگا ناوخۆییەکان بە پیسکردن و دروستبونی قەرەباڵغی و لەناوچونی سروشت و ژینگەی زیندەوەران، بۆ ئەم مەبەستە سیستەمی بەڕێوەبردنێکی پێشکەوتو پێویستە، بەرچاوترین ئەوشوێنانەی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم فاکتەرە بریتین لە کەناراوەکان و شارە مێژوییەکان و ناوچە سروشتییەکان.
- گۆڕانی ئاووهەوا: ئەم فاکتەرە کاریگەریەکەی دولایەنەیە بۆ گەشتوگوزار، لەلایەک گۆڕانی ئاووهەوا کاریگەری خراپ دەنوێنێ لەسەر گەشتوگوزار و لەلایەکیتر گەشتوگوزار خۆی پشکدارە لە دروستبونی گۆڕانی ئاووهەوا. بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان و ڕاماڵینی کەناراوەکان و کەمی ئاوی پاک و کورتبونەوەی زستان و گۆڕان لە پلەی گەرما (بەرزبونەوەی پلەی گەرما) و زیادبونی لافاو لە کاریگەریە خراپەکانی گۆڕانی ئاووهەوان لەسەر گەشتوگوزار. لەلایەکیترەوە وا خەمڵێنراوە کەوا گەشتوگوزار بەرێژەی 5.3٪ بەشدارە لە دەرپەراندنی گازەکانی گەرم

بونی گۆی زەوی، کە لەم ڕێژەیەدا 90٪ی بەر هۆکارەکانی گواستنەوە وگەیاندن دەکەوێ کە تەنیا گواستنەوەی ئاسمانی بەرێژەی 2-3٪ بەشدارە لە بەکارهێنانی سوتەمەنی (نەوت و بەرهەمەکانی)(Fossil Fuels) هەربۆیە فرۆکەوانی بە سەرچاوەیەکی خێرای زیادبونی گازەکانی حەپسبونی گەرما دادەنرێ.

- هەژاری: وەک ئاشکرایە گەشتوگوزار هۆکارێکی سەرەکیە بۆ خستنە سەرکاری خەڵکانێکی زۆر و کەمکردنەوەی بێکاری بەتایبەت لەناو کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا، ئەم هەوڵە بەردەوامی دەبێت لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی گەشتیاری، چونکە گەشتوگوزار یەکێکە لە فاکتەرە بنچینەییەکانی پلانی کەمکردنەوەی هەژاری کە لە ئامانجە سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی 2030، بەڵام کێشەکە لەوەدایە لەناوچەهەژارەکان و وڵاتانی کەم دەرامەت کرێی کارکردن لە کەرتی گەشتیاری زۆر کەمە و بەشی دابینکردنی پێداویستیەکانیان ناکات، هەر لەبەر ئەمەیە پەرەپێدانی ئابوری ناوچەکە بەشێوەی بەردەوامی بەگرنگ دادەنرێ.
- پالپشتی بۆ پارێزگاریکردن: لەگەڵ ئەوەی گەشتوگوار سەرچاوەیەکی باشی داهاتە بۆ وڵات و بۆ دانیشتوانی ناوچە گەشتیاریەکان بەڵام حکومەتەکان زۆربەی کات خۆیان دەدزنەوە لە دابینکردنی بودجە بۆ مەبەستی پارێزگاریکردن لە ژینگە سروشتیەکە یاخود بری پێویستی بۆ دابین ناکەن. ئەمە سەرەرای ئەوەی گەشتوگوزار هۆکارێکە بۆ گۆرینی شێوازی ژیانی گوند نشینەکان لە جوتیاری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی گەشتوگوزار.
- ئاسایش و تەندروستی و سەلامەتی: ئەمن و ئاسایشی وڵات هۆکارێکە بۆ سەرنجراکێشانی گەشتیاران و تێکچونی ئاسایشی وڵات و جەنگ و نالەباری ڕاستەوخۆ زیانی گەورە دەدات لە کەرتی گەشتیاری، بەهەمان ئاراستە تەندروستی دانیشتوانیش گرینگی تایبەتی هەیە هەروەک ئەوەی ڕویدا لە 2019 بەناوی پەتای کۆرۆنا (Covid-19) کە کەرتی گەشتیاری گەراندەوە خاڵی دەستپێک، لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان نەچێ ئەم پەتا و نەخۆشیانە کاتێن و دوای تەواوبونیان جارێکیتر و بەبەهێزتر کەرتەکە دەگەڕێتەوە بارودۆخی پێشوی.

## ٦- ڕۆڵی خاوەن بەرژەوەندیەکان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام:

پشکداران کێ دەگرێتەوە؟ ڕۆڵیان چییە؟ گرینگیان چییە؟ چۆن و بەچ ڕێگەیەک بەشدارن؟ خاوەن بەرژەوەندی (Stakeholders) (أصحاب المصلحة) واتا هەمو ئەمانەی کە بەشدارن وخاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن و دەستیان هەیە و لایەنێکی پێکهێنەرن لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتیاریدا کە لە خوارەوە لە خشتەی (3) یەک یەک دەیانخەینەڕو و لەگەڵ ڕۆڵ و گرنگی هەریەکەیان بەجیاو چۆنیەتی بەشداریکردنیان (Irawan & Hartoyo, 2022).

خشتەی (3) پشکداران و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام

| ژ | خاوەن بەرژەوەندی (Stakeholders) | ڕۆڵ و گرنگیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام |
|---|---|---|
| 1 | ئاژانسەکانی هاریکاری پەرەپێدانی نێودەوڵەتی | • بەستنەوەی گەشتوگوزار بە سیاسەتی پەرەپێدان و ڕێککەوتننامەکان<br>• هاوکاری مادی و تەکنیکی بۆ گەشتوگوزاری بەردەوام<br>• دانانی پرۆژە و بەرنامە بۆ گەشتوگوزاری بەردەوام |
| 2 | حکومەتی نیشتیمانی وەک (وەزارەتی گەشتوگوزار، بۆردی گەشتوگوزار، | • جێبەجێکردن و پەرەپێدانی سیاسەت و ستراتیجی گەشتوگوزار<br>• دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەم کەرتە<br>• پلان و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری (ماستەرپلان) |

| | | |
|---|---|---|
| | دەستەی گەشتوگوزار یان هەر ناوێکیتر بەپێی وڵاتان جیاوازە | • دروستکردنی پەیوەندیەکان و بەبازارکردن |
| 3 | حکومەتە ناوخۆییەکان وەک (حکومەتە هەرێمیەکان و دەسەڵاتی پارێزگاکان و بەرێوەبەرایەتیەکان) | • پلاندانان و ئاراستەکردنی ستراتیجیەتی ناوخۆ<br>• جێبەجێکردنی یاساو سیاسەتی گەشتیاری<br>• بەرێوەبردن و پەرەپێدانی ژێرخانی ناوەخۆ<br>• هاوکاریکردن و پاڵپشتی پشکداران |
| 4 | کەرتی تایبەت بەهەمو جۆرەکانیەوە (کۆمپانیاکان و یەکێتیەکانی تایبەت بە بازرگانی گەشتیاری و ڕێکخەرانی گەشتەکان و خزمەتگوزاریەکانی گەشتیاری وەک هۆتێلەکان و ڕێستۆرانتەکان | • دروستکردنی لینک لەنێوان بازاری نێودەوڵەتی و بازاری ناوخۆیی<br>• نوێنەرایەتی کردنی کەرتی گەشتیاری و کاریگەرییەکانی<br>• دروستکردنی هەلی کار و داهاتی ناوخۆ<br>• ڕەنگدانەوەی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان لە کردارەکانی پەرەپێدان و چارەسەرکردنیان |
| 5 | کارمەندان و دەستە پەیوەندارەکان (ئەوانەی لەم کەرتە کار دەکەن) | • دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی فەرمانبەران<br>• پلان و پەرەپێدانی دەرامەتی مرۆیی<br>• دابینکردنی خزمەتگوزاری شیاو لەهەمبەر داهات |
| 6 | ڕێکخراوە ناحکومیەکان (ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە و پاراستنی کۆمەڵگا و ڕێکخراوە گەشتیاریەکان) | • نوێنەرایەتیکردنی خاوەن بەرژەوەندیە جیاوازەکان<br>• بەستنەوەی بە پلانی ستراتیجی و پەرەپێدان<br>• هاوکاریکردنی خاوەن بەژەوەندیەکان و پاڵپشتی جێبەجێکردن<br>• تواناسازی (بناء القدرات) و دابینکردنی شارەزایی |
| 7 | پەروەردە و ڕاهێنان وەک (زانکۆ و پەیمانگاکان و سەنتەری توێژینەوەکان و کۆمەڵەی پێدانی زانیاری | • کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی<br>• پشتگیری کردنی ستراتیجیەت و سیاسەتی پەرەپێدان<br>• ڕاهێنان و دروستکردنی تواناکان<br>• ئامۆژگاری تایبەت و شارەزایی و ئەزمون |
| 8 | کۆمەڵگا ناوخۆییەکان وەک (شارەوانیەکان و نوێنەرایەتیەکان و ماڵەکان و گروپە فەرعی نافەرمیەکان و خاون شوێنەکان | • بەشداریکردن لە پلان و بڕیارەکان لەبارەی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی ناوخۆ<br>• هاوبەشیکردنی قازانج بەیەکسانی لەنێو کۆمەڵگادا<br>• بەدەستهێنانی داهات لەرێگەی خەرجی گەشتیار<br>• مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیار لەپێناو بەرژەوەندی هاوبەش<br>• نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | بەکاربەر (گەشتیار) | • دابینکردنی سەرچاوەی سەرەکی داهات بۆ کەرتی گەشتیاری<br>• ڕەفتارکردنی بەرپرسانە بەرامبەر ژینگە و خەڵکی ناوچەکە<br>• گەیاندنی زانیاری و بۆچونەکان لەسەر شوێنەکان و کێشەکانی بەردەوامی لەم کەرتە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و دروست |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە

Helmy, ) (Cruz, 2003, 25) (Berno & Bricker, 2011, 8) (UNWTO & EC, 2013, 20) .(Irawan & Hartoyo, 2022) (1999, 70

## ٧. ئەنجام و ڕاسپاردەکان:

### ١,٧. ئەنجام:

دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی بەدەستهاتو لەم توێژینەوەیە بەخاڵ بخەینەڕو:

١- پەرەپێدانی بەردەوام بریتییە لە پێشخستن بەرەوپێشبردنی کەرتێک یان هەر بوارێک بێت بەشێوەیەک ڕەچاوی بارودۆخە ژینگەییەکان کرابێت و بەجۆرێک بێت کاریگەری نەبێت لەسەر نەوەکانی داهاتو.

٢- کردنەوەی خول بۆ کارمەندانی گەشتیاری و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی و چاپکراو تایبەت بە ڕێنماییە ژینگەییەکان و پارێزگاریکردن لە ژینگەی سروشتی و زیندەوەران، واتا گەشتیار لە گەشتیاری ئاساییەوە بگۆڕێ بۆ گەشتیاری نمونەیی.

٣- پەرەپێدان بە بەرهەمی ناوخۆیی و بەرز نرخاندنیان و پاراستنی کەلەپوری نەتەوەیی کە هەم ڕەسەنایەتی دەپارێزێ و هەمیش دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ کۆمەڵگا ناوخۆییەکان.

٤- وەستاندنی بەفیڕۆدانی سەرچاوە سروشتییەکان لەرێگەی کەمکردنەوەی ئاستی بەکارهێنان. واتا بەرێوەبردنی ژیرانەی سەرجاوەکانی ئاو و خاک و دارستانەکان و ئاژەڵەلان و هەمو ئەو بنەمایانەی هۆکارن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران.

٥- دادپەروەی لە داهات و دابەشکردنی داهات و خۆراک و مافی ژیان و پەروەردە و تەندروستی.

٦- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکارە تایبەتیەکانی گواستنەوە و بەکارهێنانی هۆکاری گشتی گواستنەوە لە گەشتەکاندا.

٧- ئەگەرچی تەواوی ئامانجە گشتیەکان پەیوەندیان هەیە بە گەشتوگوزاری ژینگەییەوە بەڵام هەریەکە لە ئامانجەکانی (یەکەم، دوەم، پێنجەم، هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، پازدەیەم، شازدەیەم، حەڤدەیەم) نزیکترین ئامانجن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەرێگەی پەرەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزاری ژینگەییەوە دەتوانرێ بهێنرێتەدی.

٨٠- ئەگەرچی گەشتوگوزار بە شێوازە گشتیەکەی کاریگەری باش و خراپ دەنوێنێ لەسەر ژینگە بەڵام کاریگەریە ئەرێنیەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی بۆ ژینگەی سروشتی زیاترن بەبەراورد بە کاریگەرە نەرێنیەکانی.

٩- پەرەپێدانی بەردەوام بەتەنها بەلایەنێک جێبەجێ ناکرێ بەڵکو دەبێ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارین.

## ٢,٧. پێشنیار و ڕاسپاردە

ئەم توێژینەوەیە کە بە فۆرمێکی گشتی باسی لە ڕۆڵی گەشتوگوزاری ژینگەیی لەسەر پەرەپێدانی بەردەوام کردوە و هەروەها پەیوەندی نێوان ئەم دولایەنەی خستۆتەڕو کە وەک پیشاندراوە ئەم پەیوەندیە لەچەند ئامانجێکی گشتی خۆی دەبینێتەوە نەک تێکرای ئامانجەکان، بۆیە پیشنیار دەکەین

- توێژەران لە داهاتو زیاتر کار لەسەر ئەم خاڵانە بکەن کە هاوبەشن لەنێوان ئامانجەکانی گەشتوگوزاری ژینگەیی و ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام هەڵبەت بە بەکارهێنانی نیشاندەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ناوچەیەکی دیاریکراو.
- لەلایەکیترەوە پیشنیار دەکەین بۆ (حکومەتی هەرێمی کورستان، وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار، دەستەی گشتی گەشتوگوزار) کەوا پەیوەندی دروست بکەن لەرێگەی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی کە مەبەست لەم پەیوەندیە بەشداری حکەمەتی هەرێمە لە ئەجێندای کاری سەدەی بیست و یەک کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دارێژراوە کە بێگومان هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کەوتۆتە ژێرکاریگەریەکی بەرچاوی ئەم کێشە ژینگەییانە.

## سەرچاوەکان


السعدي، د.عباس فاضل، (2023)، جغرافية السياحة المستدامة والسكان العراق انموذجا دراسة في تحليل التنوع المكاني لصناعة السياحة و علاقتها بحركة السكان، موسسة دار الصادق الثقافية (طبع-نشر-توزيع)، طبعة الأولى، بغداد.

غضبان و البركاني، فواد بن غضبان و فاطمة الزهراء البركاني، (2017)، الأستدامة الحضرية والتخطيط الأستراتيجي من اجل مشروع حضري مستدام، الطبعة الأولى، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.

غنيم و أبوزنط، د.عثمان محمد، د.ماجدة، (2010)، التنمية المستديمة فلسفتها واساليب تخطيطها و ادوات قياسها، طبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

غنيم، د.عثمان محمد، (2017)، التنمية المكانية دراسة في المفهوم و المضمون والنظريات، طبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

كافي و درادكه و العلوان و ابورحمه، مصطفى يوسف و حمزة عبدالحليم و حمزة عبدالرزاق و مروان محمد، (2014)، السياحة البيئية، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، طبعة الأولى، عمان، الأردن.

اللبدي، نزار عوني، (2015)، التنمية المستدامة استغلال الموارد البشرية والطاقة متجددة، دار دجلة ناشرون وموزعون، طبعة الأولى، عمان.

Berno, T. and Bricker, K., (2001) Sustainable tourism development: the long road from theory to practice. *International journal of economic development*, *3*(3).

Cruz, R.G., (2005) Toward the Development of Sustainable Tourism Indicators: An Analysis of Sustain-able Tourism Programs and Practices Among ASEAN National Tourism Organizations. *Sustainable Tourism*, *81*.

Dempsey, N., Bramley, G., Power, S. and Brown, C., (2011) The social dimension of sustainable development: Defining urban social sustainability. *Sustainable development*, *19*(5).

Dresner, S., (2012)*The principles of sustainability*. Routledge.

Duran, D.C., Gogan, L.M., Artene, A. and Duran, V., (2015) The components of sustainable development-a possible approach. *Procedia Economics and Finance*, *26*.

Eligh, J.W., (1999) Ecotourism: an introduction by David A. Online available: https://www.eia.krd/english/about-eia/statistics#link# on 18/4/2023.

Elleuch, B., Bouhamed, F., Elloussaief, M. and Jaghbir, M., (2018) Environmental sustainability and pollution prevention.

Fennell, D.A., (2014) *Ecotourism*. Routledge.

Goodwin, H., 1996. In pursuit of ecotourism. *Biodiversity & Conservation*, *5*(3).

Harris, J.M., (2000) Basic principles of sustainable development. *Dimensions of Sustainable Developmnet*.

Helmy, E.M., (1999) *Towards sustainable tourism development planning: the case of Egypt* (Doctoral dissertation, Bournemouth University).

Honey, M., (2008) Ecotourism and sustainable development: Who owns paradise? (Vol. 38). Washington, DC: Island press.

Kalaitan, T.V., Stybel, V.V., Gutyj, B.V., Hrymak, O.Y., Kushnir, L.P., Yaroshevych, N.B., Vovk, M.V. and Kindrat, O.V., (2021) Ecotourism and sustainable development. Prospects for Ukraine. *Ukrainian Journal of Ecology*, *11*(1).

Kiper, T., (2013) Role of ecotourism in sustainable development. InTech.

KRSTIĆ, I.I., ILIĆ, A. and AVRAMOVIĆ, D., (2018) The three dimensions of sustainable development: environment, economy and society.

McLaughlin, J.M., (2011) *Ecotourism Assessment: Applying the Principles of Ecotourism to Paddle-Based Recreation in St. Lawrence Islands National Park and Environs*. Queen's University (Canada).

Miller, K.R., (1994) International cooperation in conserving biological diversity: a world strategy, international convention, and framework for action. *Biodiversity & Conservation*, *3*(5).

Mowforth, M. and Munt, I., (2015) *Tourism and sustainability: Development, globalisation and new tourism in the third world*. routledge.

Nepal, S.K., (2002) Mountain ecotourism and sustainable development. *Mountain research and development*, *22*(2).

Orams, M.B., (2001) Types of ecotourism. *The encyclopedia of ecotourism*, pp.23-36. Available from:https://books.google.iq/books?hl=en&lr=&id=HhfHmSojJ8QC&oi=fnd&pg=PA23&dq=Ecotourism+types&ots=AnVPiDedMR&sig=keyXo2HAQ-eVmZ0u7Td22rMsf4&redir_esc=y#v=onepage&q=Ecotourism%20types&f=falsePrasad Sati, V. (2021) “Trends and Potential of Eco-tourism Development in Uttarakhand Himalaya”, Journal On Tourism & Sustainability, 5(1). Available from: https://www.ontourism.online/index.php/jots/article/view/108 (Accessed: 24 April 2022).

Precedence Research, Ecotourism Market (By Activity Type: Land, Marine; By Group: Solo, Groups; By Booking Mode: Direct, Travel Agent, Marketplace Booking) - Global Industry Analysis, Size, Share, Growth, Trends, Regional Outlook, and Forecast 2023-2032, Online available from: https://www.precedenceresearch.com/ecotourism-market. (Accessed 14/8/2023).

Saarinen, J. ed., (2020) Tourism and sustainable development goals: Research on sustainable tourism geographies. Routledge.

Science for Environment Policy (2018) Indicators for sustainable cities. In-depth Report 12. Produced for the European Commission DG Environment by the Science Communication Unit, UWE, Bristol. Available at: http://ec.europa.eu/science-environment-policy, 22/72022.

The International Ecotourism Society (TIES), Azerbaijan Ecotourism Association Established To Foster Sustainable Tourism, January 16, 2020Ecotourism, from: https://ecotourism.org/news/azerbaijan-ecotourism-association-established-to-foster-sustainable-tourism/ 18/2,2022.

UNESCAP, U. and Scientific, C., (2015) Integrating the three dimensions of sustainable development: a framework and tools.

UNWTO & European Commission, (2013) Sustainable Tourism for Development Guidebook. *World Tourism Organization (UNWTO), Madrid, Spain*.

UNWTO World Tourism Barometer and Statistical Annex, January 2023, available from https://www.eunwto.org/doi/abs/10.18111/wtobarometereng.2023.21.1.2#:~:text=UNWTO%20World%20Tourism%20Barometer%20and%20Statistical%20Annex%2C%20May%202023,Abstract&text=International%20tourist%20arrivals%20reached%2080,for%20the%20year%202022%20overall.25/9/2023.

UNWTO, Tourism and The Sustainable Development Goals Conference 2019 (Tourism4sdgs19), 2019. Retrieved from: . https://tourism4sdgs.org/, 7/3/2021.

Weaver, D.B., (2002) Hard-core ecotourists in Lamington National park, Australia. *Journal of Ecotourism*, *1*(1).

Wood, M.E., (2002) Ecotourism: Principles. Practices and Policies for sustainability.

Wheeler, S., (2013) Planning for sustainability: creating livable, equitable and ecological communities. Routledge.